فەرماندەی گشتی هێزەچەکدارەکان رێنمایيدا بە ڕاگرتنی گواستنەوە و تەنسيب بە ئەفسەر و کارمەندان



ئەمڕۆ چوارشەممە، سەرۆك وەزيران و فەرماندەی گشتی هێزەچەکدارەکان محەمەد شياع سودانی، رێنمايی بە وەزارەت و دامودەزگا ئەمنييەکان دەرکرد بە ڕاگرتنی گواستنەوە و تەنسيب و تەکليف و شاند و ڕاسپاردنی پێست، بە سەرجەم ئەفسەر و کارمەندان لە هەموو ئاستەکان و لە هەموو پێکهاتەکانی هێزە ئەمنييەکان.

وتەبێژی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان سەباح نوعمان، لە بەياننامەيەکدا رايگەياند: سەرۆك وەزيران و فەرماندەی گشتيی هێزە چەکدارەکان محەمەد شياع سودانی، رێنمايی بە وەزارەت و دەزگا ئەمنييەکانی کردووە، بە ڕاگرتنی گواستنەوە و تەنسيب و تەکليف و شاند و ڕاسپاردنی پێستی بە سەرجەم ئەفسەران و کارمەندان لە هەموو ئاست و پێکهاتەکانی ناو هێزە ئەمنييەکان.

ئاماژەی بەوەشکرد: ئەم ڕێنمايیانە لە فەرماندەی گشتييەوە کە دەرکراوە بە ڕوانگەی خشتەی پلەبەرزکردنەوەی داهاتووە لە مانگی تەممووزی داهاتوو، دوا تەرمانەی پێش هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق، کە بڕيارە ئەمساڵ بەڕێوەبچێت، بە دڵنيابوون لە جێگيربوونی پێستەکانيان و مسۆگەرکردنی مافی دڵنگدانی تايبەتيان، هەروەها بەهەی ئەو ژمارە زۆرەی داواکاری گواستنەوە لەلايەن لايەنە جياوازەکانەوە کە کاريگەری لەسەر سروشتی کارەکانی هێزە ئەمنييەکان هەيە.

نوعمان دووپاتیشیکرەو: ئەم هەڵکارانە لە دەرکردنی ئەم هێنمایيەو دەست پێدەکات تا ئاگادارکردنەوەیەکی تر جێبەجێ دەکرێن.